# تێکەڵبوون

## خولیا حسێن



کەنەدا/2006/01/07

کە لە ڕەنگی زەرد دەڕوانم
دەخزێمە نێو شەپۆلە سیحراویەکانی خۆرەتاو و
دەست دەکەمە نێو دەستەکانی سبەینێ و یاری دەکەم بە پڵپڵە و
بە گەردانەی گەزە نگی ئەو بەیانیانەی
لە نێو خەونەکانم خەوتوون .
شین , ڕاکشانە لە قەراخ دەریای ئارامی و
هەڵفرینە بەرە و باوەشی ئاسمان و
هەڵدانی پێکە ئەفسووناویەکانی نێو باوەشی
شیعرە تەر تەرەکانی ئەڤین و
توانەوەیە لە نێو ڕۆحی بەرائەتدا .
سوور, باز بازێنی ئەسپە یاخی بووەکانی خەیاڵ و
ڕووتبوونەوەی نهێنیە شەرمنەکانی حەز و
ڕاو کردنی کارمامزە کێویەکانی
نێو پێدەشتە کاکی بە کاکیەکانی عەشقە .
کە سوور و زەرد دەست دەکەنە ملی یەک و
لە نێو ڕەنگی یەکتریدا بزر دەبن ,
تابلۆیەکی پرتەقاڵی لە پیشانگای هۆڵی دڵم هەڵدەواسن.
کە دەریا عاشق دەبێت و
هەست بە تەنیایی خۆی دەکا ,

خۆر دادەگرێتە باوەشی و
دڵداری لە گەڵدا دەکا ,
لە ئاهەنگی تێکەڵبوونی خۆرەتاو و شینی دەریا,
درەختەکان قژی سەوزیان بە شانەی با دادێنن و
بۆ مژدانەی بەهارێکی بێ کۆتایی سەما دەکەن.
کە سوور لە یاخی بوونی خۆی بیزار دەبێ و
لە باوەشی ئارامی شین خۆی گوم دەکا,
رۆحم کراسی ئەڤینێکی وەنەوشەیی دەپۆشێت و
لە ژێر گەڵای گوڵە مۆرەکانی عەشق /بە شێنەیی
نهێنی خەونێکی تازە بەیان دەکا .
رەنگەکان بە تەنیاش جوانن ,
بەیەکەوەش پەلکە زێرینەی ئەوین و
مۆسیقای رۆحی ژیانن.
بەڵام ئەگەر من تەنیا بم / نۆتەکانی ئەوینی تۆ نەمجوڵێنێ و
عەشقت نەمهێنێتە سەما,
شەونمی سەر گۆنای تەری یادەکانم وشک دەبێ و
ئەمرۆم لە ژێر داری رووتی چاوەروانی خەمی سبەی لاوکی غەریبی
بانگ دەکا .
تۆش بەبی من سەرەداوی ریگاکانی چارەنووست ئاڵۆز دەبێ و
شەپۆلی هاری تەنیایی یاری بە ئازارەکانی رۆحت دەکا.
دە وەرە با چیتر عەشق نەتۆرینین,
ئیستاش هەر وەرزی ئەوینەو
باشەوە ئاوێزانیەکان لە گرەوی خەمێکی تر
نەدۆرێنین!
بە تێکەڵ بونی من و تۆ
هەموو رەنگەکان باڵ دەگرن,
ئاسمانی ژیان پر دەبێ لە رەنگالەی چرۆی حەز و

شەوەکانیش باوەشێک دەبن لە خورپە و
لە نوقڵی ماچی شیرین...!